# ئینترەن (INTRAN) چیە؟

ئنترەن خزمەتگوزارییەکی **خۆڕایی** و نهێنی یە. ئێمە وەرگێڕ و لێوبێژ (واتە lipspeaker)ی زمانی ئیشارەی بریتانی، لەگەڵ وەرگێڕی زارەکی 150 زمانی بیانی دابین دەکەین.

## ڕۆڵ و ئەرکی وەرگێڕی زارەکی

- هەموو وەرگێڕە زارەکیەکانی ئینترەن شارەزان، بە تەواوی ڕاهێنراون وە هەموویان لە لایەن پۆلیسەوە تاقی کراونەتەوە.
- وەرگێڕی زارەکی یارمەتی تۆ و ئەندامی کارمەندان ئەدات بۆ ئەوە لەگەڵ یەکتری قسە بکەن.
- وەرگێڕە زارەکیەکان بەرپرس نین بەرامبەر بۆ ئەو قسانەی کە ئەندامی کارمەندان دەیکات. ئەگەر لە ئەو قسانەی کە دەگوترێت تێ ناگەی تکایە بڵێ.
- وەرگێڕی زارەکی ئامۆژگاریت پێ <u>نادات</u>، بەلام یارمەتیت دەدات بۆ ئەوە لەگەڵ ئەندامی کارمەندان قسە بکەی..
- هەموو ئەو شتانەی کە لە کۆبوونەوەکە باس دەکرێت وەکوو نهێنی دەپارێزرێت.

# ئینترەن لە کوێ هەیە؟

هەرکات تۆ ئەم نیشانەت IN TRAN communication for all لە شوێنەکانی وەرگرتنی گشتی بینی، ئەوا لەوێ کەسێک دەتوانێ بە زمانی خۆت یارمەتیت بدات.

بۆ نموونە، ئەمانەی خوارەوە هەندێک لەو خزمەتگوزاریانەن کە دەتوانن بە یارمەتی وەرگێڕێ زارەکی لەگەڵ تۆ قسە بکەن:

- پزیشکەکان
- داروسازەکان
- خانووبەرە
- خوێندنگەکان
- پۆلیس
- نەخۆشخانەکان
- خزمەتە کۆمەڵگاییەکان
- کتێبخانە

بۆ خزمەتگوزاریەکانی تر، ئەگەر دلنیا نەبووی کە ئایا ئینترەن هەیە، تکایە کارتی ئینترەنی خۆت پیشان بدە یان لە ئەندامی کارمەندان بپرسە کە ئایا دەتوانیت داوای وەرگێڕی زارەکی بکەیت.

# ئەگەر پیویستت بە بەکارهینانی ئینترەن هەبوو دەبێت ئەم کارانەی خوارەوە بکەی

- زمانەکەی خۆت بە ئەندامی کارمەندان بڵێ

یان

- کارتی ئینترەنی خۆت پیشان بدە

یان

- پۆستەرێکت پێ پیشان ئەدریت کە دەتوانیت لە سەری زمانەکەی خۆت دەستنیشان بکەیت.

پاشان

- چاورێ بمێنەوە تا ئەوان تەلەفۆن بکەن بۆ وەرگێڕێکی زارەکی.
- چیت پێویستە لە سەر تەلەفۆنەکە بە وەرگێڕە زارەکیەکە بیڵێ.
- ئەگەر پێویستت بە زانیاری کورت هەبێت ئەوا دەکرێت بە یارمەتی وەرگێڕی زارەکی لە ڕێگای تەلەفۆنەوە ڕوونی بکەیتەوە.
- ئەگەر پێویستت بە دانانی وەعدێکی تایبەت هەبێت ئەوا ڕێکەوت و کاتێکت بۆ دیاری دەکرێت. ئاساییانە وەرگێڕی زارەکی بە شێوەی ڕوو دەر ڕوو لە شوێنی وەعدی تۆ ئامادە دەبێت، بەڵام هەندێک جار لە ڕێگای تەلەفۆنەوە لە مەوعیدەکە بەشداری دەکات.